# له مه‌غریبیێکدا ده‌ڕۆم




**عومه‌ر سه‌یده**

omerseyda@yahoo.com


**پێشکه‌شه به هاوڕێم(ئاوێزان نوری)**

له مه‌غریبیێکدا ده‌ڕۆم ..

هیچ که‌سێك له شه‌قامه‌کاندا دیار نه‌بێت

بۆ ئه‌وه‌ی حیکایه‌تی ونبوونم وون بێت ..

له مه‌غریبیێکدا دوایین ئاوڕ له شار ده‌ده‌مه‌وه‌و

روو له نازانم کوێ ..!! ده‌ڕۆم ..

ده‌ڕۆم‌و هیچ جێناهێڵم له‌ڕه‌نگی من بچێت

بۆ ئه‌وه‌ی که‌س تابلۆی خه‌ونێکم نه‌کێشێت

ده‌لاقه‌ی خه‌یاڵه‌کانم له به‌یانییه‌کدا داده‌خه‌م

که هیچ شاعیرێك له خه‌و هه‌ڵنه‌سابێت

بۆ ئه‌وه‌ی دێڕه‌کانم له زمانی شاعیره ترسنۆکه‌کانه‌وه

به‌زۆڵی نه‌که‌ونه سه‌ر رۆژنامه‌کان ..

بۆ ئه‌وه‌ی که‌س له من نه‌چێت‌و

مه‌حکومی مردن نه‌بێت له نه‌مردندا ..

تۆش ئه‌ی خه‌ونی به‌گوڵکردنی رازه‌کانی ئێره

له نیوه‌ڕۆیه‌کدا بمره که‌س نه‌زانێ بۆچی ده‌مری

ئێرە هەرێمی گێلێتیو
وێستگەی بە یەك نەگەیشتنی خەونەکانە ..
ئێرە ماڵی ئەهریمەنە
ماڵی مردنێکی نابودی ناوەختە
ماڵی ژیان .. فەرسەخێك لە ئێمەوە دوورە
ماڵی پێکەنین لە مێژە سەفەری کردووە
ماڵی گریانە ئێرە ..
هەرگیز ماڵم خۆش ناوێ
چونکە دەبێ هەمیشە دەرگاکان کلۆم بدەین لە ترسا ..
ماڵ زیندانێکی بێ پاسەوانە
ماڵ وێستگەی چاوەڕوانی مردنە ..
من کوڕی شەقامم
هاوڕێی شۆستە خۆلاًوییەکانم
ئازیزی نەمامە بێ ئاوەکانم
دۆستی ئەو فرمێسکانەم
کە دەشێ بەیانی شارەکەم بشۆنەوە ..
لە مەغریبێکدا دەڕۆم
ئێوە نەزانن روو لە کوێ هەنگاو دەنێم ..
کەس نەزانێت بۆ کوێ خەمەکانم دەپێچمەوە
من عەیامێکە تێشووی یەکە .. یەکەی هاوڕێکانم دەگەڕێمو
هەموو ئازارەکانیان دەپشکنم ..
لە هەر ژانێك خەمێك دەچنم
تا باخچەی رقم
پڕ بێت لەدڕکی نەرمی بۆنخۆش
پڕ بێت لە دەست لەملانێی عاشقە هەناسە ساردەکان ..
پڕ بێت لەو گۆرانییانەی کە من لە رەنگی گوڵم گرتوون ..
پڕ بێت لە دانیشتنەکانی من بەدیار گەمژەیی تۆوە ..

تۆش لە ماڵێكدا وون بە .. هاوڕێم
كە پاسارییەكانیش ئەدرەسەكەی نەزانن
نەبادا تەفسیری فرمێسكەكانت ببەن بۆ

پیاوە درۆزنەكانی قەڵەم
لە حەوشەیەكدا زیكری نووسین بكە
كە خەلیفەكانی نووسین تەریقەتی ئەو خەڵوەتە نابەڵەدبن ..

بۆ ئەوەی گوڵەكانی جوانیت
بە رەشەبای هەناسە بۆگەنەكانیان نەوەرێت ..
بۆ ئەوەی تۆ خۆت بیتو

ئەوانیش هەر ئەو مردووانە بن
كە گۆڕستانیش خەونیان پێوە نابینێ ..
تۆ سەمای نووسینەكانت

لە نزیك چەپڵەكانی ئەوانەوە ئەدا مەكە
ئەوان تەنها لوتێكی زلیان هەیە بۆن دەكەن ..
بۆنی جوانیت لە شیعرەكانتدا دەدزن ..
بۆنی پاكیت لە پێكەنینەكانتدا دەخنكێنن ..

بۆنی بەرائەتت لە تەوقەیەكدا دەشكێنن
كە پڕ .. پڕە لەفێڵی گورگە برسییەكان ..
تۆ دەبێ لە بەیانییەكدا پرچەكەت شانە بكەیت

كە ئەوان هێشتا مەستیی باڕەكانی شەو بەری نەدابن ..
نیوەڕۆیەك بگەڕێیتەوە ماڵ

كە ئەوان لەترسی ژنەكانیان نەتوانن بستێك لە دەرگا بچنە دەرێ ..
ئێوارەیەك پیاسە بكە
كە ئەوان دووبارە لەسەر مێزەكانی مەیخانە

خەریكی فڕكردنی پێكەكانیان بن ..
لە مەغریبێكدا دەڕۆمو
هەموو درۆكان وەكو میدالیا دەدەم لە یەخەی

یەکە بە یەکەی قەڵەم نەزۆکەکان ..

ئەو ماسکەشیان لەڕوو هەڵدەماڵم

کە دەموچاوی چرچو لۆچی

پڕ قارو قینیان لە پشتەوە شاردووەتەوە ..

تۆش"زەمیلەیەك بەختەوەری"

لە باخچەی ئومێد ببەرەوەو

لەبەردەم ئاوێنەکەتدا

باسی ئەو رۆژانە بکە

کە بۆ کۆکردنەوە فرمێسکەکانی پاکیزەیی دەگەڕایتو

پێکەنینی بەیانیت دۆزیەوە ..

بەیانی بەر لەوەی کەس لەخەو هەستێ

من نامەیەکت بۆ دەنووسم

تیایدا دەڵێم:

وێستگەکانی سەفەر دێنە بەرماڵی هەمووومان

هەموو ئەوانەی وەکو من

رقیان لەدەستوری خێڵو

کوتەکی جەللادی گەلحۆو

درۆی شاخدار دەبێتەوە ..

رقیان لە شاعیری پوچو

رۆژنامەنووسی درۆزن دەبێتەوە ..

رقیان لە نیشتمانی بێ کەسو

خاکی ئەتککراو دەبێتەوە ..

رقیان لە جاشو سیخوڕو

کۆنە بەعسی دەبێتەوە ..

2006/4/21